# بلەش دوو ملیۆن دۆلاری وه رگرت! ... ئه ردەڵان عەبدوڵڵا

زۆر جار داگیرکه رانی کوردستان سووکایه تی زۆریان به زمان و فه رهه نگی کوردی کردووه. ساڵی 1930 که شۆرشی ئاگری داغ سه ری هه ڵدا، یه کێک له رۆژنامه نووسه کانی (حاکمی میلیه تی) توورکی، به م شێوه یه وه ڵامی داخوازیه کانی گه لی کورد ده داته وه. (به ڵام ئه و داواکاریانه ی که ئه و وه حشیانه داوای ده که ن، جگه له نوکته هیچی تر نییه. گه لێک که زمانه که ی ته نها له 200 ووشه پێک هاتبێت، ده بێت ته نها له یه کێک له گونده سه حراویه کانی ئه فه ریقادا که له گه ڵ مه یموونه ده ژی ئه م داوایه بکات. چونکه له ئاسیای مه ڵبه ندی شارستانیه ت جێگای ئه و گه له نابێته وه 1) . گه ر به دوای قسه ی له م جۆره بگه رێیت زۆرن که له دژی کورد و زمان و کوولتوره که ی ووتراون. جارێکیان مامۆستا و ئه دیبی گه وره ی کورد (محه مه دی مه لاکه ریم) له دژی ئه م قسه یه فه رمووی. ته نها حه سه ن زیره ک 7000 ووشه ی به کارهێناوه. حه سه ن زیره کێک که جگه له سه ده یاگۆرانی، 7000 هه زار ووشه شی بۆ کۆکردبینه وه، ده بێت جێگای رێزو خۆشه ویستیمان بێت. لێ مه خابن ئه م که ڵه گۆرانی بێژه هه موو کات به چاوێکی سووکه وه سه یر کراوه و هه ر به لۆتی ناوبراوه. ماوه یه کیشه
ته له ڤزیۆنه کانی پارتی و یه کێتی ریکلام بۆ هاتنی بله تاتله س ده که ن. دوو که سی چاو زه ق که له پیاو کوژ ده چن و مۆره له خه ڵکی ده که نه وه، له گه ڵ ئیبۆی به ره گه ز کورد! راوه ستاون. ئیبۆی تورک به زمانه خۆشه که یان ده ڵێت: (من دێم بۆ عێراق!) پاش ئه وه ی به ئینگلیزیه کی سه قه ت ده ڵێت ئه نده رستاند ئینجا دڵی پێمان ده سووتێت و ده ڵێت (وه فه حم کرد!) . له هه شتاکان دا چه ند ده وڵه مه ندێکی شاری هه ولێر 100 هه زار دیناری ئه و کاتیان به م پیاوه باشه دا، به و مه رجه ی بێت بۆ هه ولێر و ته نها گۆرانیه ک به کوردی بڵێت. که چی ئه م ناکه س به چه یه رازی نه بوو. وا پاش بیست ساڵ ئه م توورکه دێته هه ولێر و سوله یمانی گۆرانی توورکی ده ڵێت. له و کاته ی که له توورکیا هه تاوه کوو ئه مرۆش، زمانی کوردی یاساخه و له هه ر دائیره یه کی حکومیه وه تا ده گاته ئه هلیش به کار بهێنرێت سزا
ده درێیت.
مه هدی زانا له حه فتاکان 10 ساڵ زیندانی کرا، به س له به ر ئه وه ی له شاره وانی (که خۆی سه رۆکی بوو) به کوردی قسه ی له گه ڵ کوردێک کردبوو. توورکیا یه که مین ده وله ته که جینۆسایدی کولتووری داهێنابێت2، کوردیش قوربانیه که ی بوو. له هه شتایاته وه کوولتوری توورکی له کوردستان رۆژ له دوای رۆژ به سه ر کوردا ده سه پێنرێت. هه ر له گۆرانی و فلیم و هه تا ده گاته ئه ده ب و هونه ریش. چیرۆکه کانی عه زیز نه سین، وات لێ ده کات که حه ز به ئه سته نبوڵ و ئه نقه ره بکه یت. به راستی ئه مه هه مووی به نه خشه له لایه ن ده وڵه تی فاشی توورکیه وه دارێژراوه و کوردیش لێی بێ ئاگایه. . ئه مرۆ گۆرانی و فلیمی توورکی هه موو کوچه و کۆلانی کوردستانی داگیرکردووه. له و کاته ی که ده وڵه تی توورکی به فاشیترین شێوه
هه ڵسوکه وت له گه ڵ کولتووری کوردی ده کات، که چی لای خۆشمان حیزبه کان خۆیان کاری بلاوبوونه وه ی گۆرانی توورکی ده که ن. ساڵی پار ته له ڤزیۆنی فه ره نسی چاوپێکه وتنێکی له گه ڵ سه رۆکی گوورگه بۆره کانی توورکیا کرد. کاتێک که رۆژنامه وانه که

پرسیاری زمان و کولتووری کوردی لـه گـه ڵ کرد، بـه م شێوه یـه وه ڵامی دایـه وه (کورد کوا زمانی هـه یـه، ئـه وه نییـه هـه موو گۆرانـی بێژه کانیان بـه زمانـی توورکی گۆرانـی ده ڵێن) .
بـه راستی رێگـه دان بـه بلاوبوونـه وه ی گۆرانـی توورکـی و عـه ره بـی و فارسی، وا لـه لاوی کورد ده کات کـه پاش چـه نـد ساڵێکی تر، هـه ربـه کوردیش قسـه نـه کـه ن. کـه سیش بـه تـه مای ئـه و دوو حیزبـه نـه بێت، کـه رێگا لـه م داگیرکردنـه کولتووریـه بگرن. ئاخر هـه تاوه کوو سه دام مابوو، منداڵانی کورد کتێبیان لـه بـه غداوه بۆ ده هات و پـه روه رده ی نیشتمانیان ده خوێند!. ئیتر چۆن ئـه م کاره ده کـه ن.
بـه راستی هاتنی کـه سێکی وه کوو بلـه تاتلس، شـه رمـه زاریـه کـی گـه وره یـه. ئاخر هـه موو باش ئـه و کابرایـه ده ناسین، هـه تا وه کوو ئـه مرۆش، گۆرانـی کوردی ده دزێت و خزمـه تـی فـه رهـه نگـی توورکی پێده کات. بلـه هـه تا ئـه مرۆش ناوێرێت بڵێت کوردستان، ئیتر چۆن ده بێت کـه سی وا دووملیۆن دۆلاری! بکرێت بـه قورگ دا. لـه هـه مان کاتدا بوونـی چـه نـد کلیب و گۆرانـی بێ تام و ناخۆش، وای کردووه کـه زۆربـه ی لاوی کوردی پـه نا بۆ گۆرانـی بێگانـه بـه رێت. کـه ئـه مـه ش ترسێکی ئیجگار گـه وره ی بۆ داهاتوومان هـه یـه. ئـه مرۆ هـه رکـه س (واسیتـه!) یـه کـی هـه بێت،
ده توانێت بینـه رانـی تـه لـه ڤزیۆنـه کان، بـه گۆرانیـه ناخۆشـه کانـی ئیزعاج بکات. هیچ پره نسیبێک نییـه بۆ گۆرانـی ووتن. ئـه م حالـه تـه ش وا بمێنیتـه وه، زه ره ری زۆری ده بێت.
هیوادارم کـه گۆرانـی بێژانـی کوردیش، خۆیان شتێک بۆ خۆیان بکـه ن و بـه س چاوه ڕێی ده ستی ئـه م حیزب و ئـه و حیزب بن تا شتێکیان بۆ بکـه ن، چونکـه پێش هـه موو کـه س ئـه مـه کاری ئـه وانـه.

ئـه ڵمانیا

1 دکتۆر جبار قادر، الدستور الترکی و سیاسه القهر الا کراد. سایتی ده نگـه کان
2 هـه مان سه ر چاوه